حکوومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان

# ستراتیژیی نیشتمانی
# بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا

**٢٠١٢ - ٢٠١٦**

***(بۆ ماوەی پێنج ساڵ)***

بە بڕیاری ژمارە (٨)ی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم ژمارە (١٤) لە ڕۆژی ٢٠١٢/٩/١٩ پەسند کراوە.

***ستراتيژيى نيشتمانى***
***بۆ بەرەنگاربوونەوەى توندوتيژى دژ بە ژنان***
***لە كوردستاندا*** ٢٠١٢ ـ ٢٠١٦
***(بۆ ماوەى پێنج ساڵ)***

ئامادەكردنى
ئەنجومەنى باڵاى كاروبارى خانمان

چاپى يەكەم
تيراژ ٥٠٠٠ دانە
چاپخانەى شەهاب – هەولێر

**وتەی ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان**

# ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بۆچی؟

توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت لە هەرێمی کوردستاندا، بە ڕادەیەکی بەرچاو بوونی هەیە و کۆسپێکی گەورەیە لە ئاست کارابوونی ڕۆڵی ئافرەت لە پرۆسەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەم دیاردەیە کۆمەڵگە لە سامانێکی مرۆیی گرنگ کە وزەی ژنانە لە گەشەپێداندا بێبەش دەکات، لەکاتێکدا کە کۆمەڵگەکەمان لەم قۆناغی ئاوەدانکردنەوەو پەرەسەندنەییەدا، پێویستییەکی هەنوکەیی بە گشت وزە و تواناکان، بە وزە و توانای ژن و پیاوەوە هەیە.

لەم ساڵانەی دواییدا، ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە بە مەترسییەکانی بوونی ئەم پرسە پەرەی سەندووە و دەکرێت بڵێین تا ڕادەیەک بۆتە پرسێکی کۆمەڵگەیی، لەمەشدا ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان رۆڵی بەهێزیان هەبووە ، لەسەر ئاستی دامەزراوە فەرمییەکانیشدا هەوڵی چارەسەرکردنی دراوە.

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان وەک دامەزراوەیەکی حکومی بەرپرسی ڕاستەوخۆ لە کاروباری ئافرەتان، چارەسەری ئەم کێشەیەی خستە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی بەرنامەی کارکردنییەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی کارکردن بۆ نەهێشتنی جیاکاری لەنێوان ژن و پیاو و کاراکردنی ڕۆڵی ژنان لە

پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و پەرەسەندندا و بە دامەزراوەیی کردنی بەرەنگاربوونەوەی پرسی جیاکاریی و تەسککردنەوەی دەرفەت و بوونی کۆسپ لەڕێگەی بەشداری کارای ژنان.

لە دارشتنی ئەم ستراتیژەدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و میدیاکاران و کەسایەتییە چالاکەکانی بواری مافی مەدەنی و دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێم بەشدارییان کردووەو لەلایەن ئاژانسی سندوقی دراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاوکاری کراوەو ئەزموونی چەند ساڵەی دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی هەرێم و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا ڕەچاو کراون و سوود لە ئەزموونی کۆمەڵگەکانی دەرەوەی هەرێم وەرگیراوە.

ستراتیژی نیشتمانی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بۆ ماوەی پێنج ساڵ (٢٠١٢-٢٠١٦) لەسەر بنەمای ئامانجی گشتی پرۆسەی سیاسیی هەرێم بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراتییەت، بە لەبەرچاوگرتنی کەلتووری کۆمەڵگەو یاساو ڕێساکانی هەرێمی کوردستان و بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و بە خستنەڕووی ئەگەرەکان و دەرفەتەکانی جێبەجێکردن و کۆسپ و تەگەرە چاوەڕوانکراوەکان، دارێژراوە.

ئەم ستراتیژە بەشێکی گرنگە لە ستراتیژیەتیکی گشتگیر بۆ چارەسەری پرسی جیاکاریی لە نێوان ژن و پیاو و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بۆ بەشداریکردنێکی کارا

له پڕۆسەی پەروەردەی مەدەنی و کاراکردنی گیانی هاووڵاتی بوون و ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

ئەم ستراتیژیەتە بۆ چارەسەری پرسێکی سەختی کۆمەڵگەیە، ئەرکی جێبەجێکردنی دەکەوێتە ئەستۆی گشت دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان و گشت کەسانی مرۆڤ دۆست و ئازادیخواز.

ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان خۆیان خاوەنی بیرۆکەی بەرهەمهێنانی ئەم ستراتیژیەتەن، ڕۆڵی بەرپرسیاریەتی مێژوویی و ئەدەبییان لەسەر شانە بۆ جێبەجێکردن و پێداچوونەوەی بەردەوام. ئەرکی لایەنە سیاسییە دیموکراتیخواز و مەدەنییەکانە کە ڕێکخراوەکانی خۆیان بە ئاراستەی پرەنسیپە سەرەکییەکانی ئەم ستراتیژە پەروەردە بکەن و کار بۆ بانگەشەکردن و جێبەجێکردنی لە کۆمەڵگەدا بکەن. ئەم پرەنسیپی هاوبەشییە لەنێوان دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان لەم ستراتیژەدا بەرجەستە کراوە.

له کۆتاییدا سوپاس و پێزانینی بەرز بۆ گشت ئەو لایەن و کەسانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارییان لەم ئەرکەدا کردووە و کارئاسانی بۆ جێبەجێکردنی دەکەن، سوپاس بۆ ئەو کەسایەتییە ماندوونەناسانەی کە وەک سەربازی ون ئەرکی شەونخونییان تێدا کێشاوە.

**پەخشان زەنگنە**

***ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان***

## پێشەکی

لــــە ســـــایەی گۆڕانکارییــــە سیاســـــی و ئــــابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و وەرچەرخان بەرەو بنیاتنانی پرۆسەیەکی دیموکراسی و مەدەنی لە سستمی سیاسیی و هەنگاونان بەرەو دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان و پێداویستی بەشداریکردنی ژنان لەم پرۆسانەدا، چارەسەرکردنی دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە چەوساندنەوەی ئافرەتان و بەکارهێنانی توندوتیژییەوە هەیە لەبەرانبەریان لە کۆی کۆمەڵگە و، لە شوێنی کارکردن و لەنێو خێزاندا، ئەرکێکی گرنگی هەنووکەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە و ئەم ئەرکەش لە ڕێگەی دانانی ستراتیژیەتیکی نیشتمانیی گشتییەوە دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوە و بنبڕکردنیان.

بۆ ئەم مەبەستەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە تایبەتیش سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان ئەم ستراتیژە نیشتمانییەی داڕشتووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە و دانانی چوارچێوەو پلانی کاری ئەوتۆ کە بەشێوەیەکی ڕیک وپێک و بەبەرنامەڕێژی کار بۆ بنبڕکردنی بکات لە نێو کۆمەڵگەدا.

## هاوکاریکردن بۆ داڕشتنی ئەم ستراتیژە

لە داڕشتن و ئامادەکردنی ئەم ستراتیژەدا، چەندین لایەنی پسپۆڕ و پێوەندیداری حکوومی و ناحکوومی بەم شێوەیەی خوارەوە بەشدارییان کردووە:

* بە چاودێری ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی بەردەوام لە نێوان ئەو لایەنانەدا هەیە، لە بواری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان کاردەکەن.

* بەشداریپێکردنی پسپۆڕانی تایبەت لە وەزارەتە پێوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکانی کوردستان.

* سوود وەرگرتن لە ئەزموونی دەزگای ڕووباری ئوردن (مؤسسة نهر الأردن) و (سەنتەری کەوسەر) بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاهێنانی ژنان لە وڵاتی توونس.

## بەها سەرەتاییەکان

سـەرەڕای نـەبـوونی سـەرژمێرییـەکی گـشتگیرو دروسـت، دەربارەی بارودۆخی ژنان و دیاردەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمـەڵایـەتی لـە کوردسـتاندا، ئـەم سـتراتیژە پشتی بـەو ئامار و زانیارییانە بەستووە کە لە وەزارەتە پێوەندیدارەکانی حکوومـەتی هـەرێمـی کوردسـتانەوە دەرچوونـە. بـەتایبـەتی وەزارەتـی پلانـدانان و نـاوخۆ و پـەروەردە و تـەندروسـتی و کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، سـەرەڕای ئـەنجامدانی زنجیرەیەک کۆبوونـەوە لـەگـەڵ لایـەنـە پێوەندیـدارەکـان بـۆ پێداچوونـەوە و گفتوگـۆکردن لـەسـەر نـاوەڕۆکـی سـتراتیژییەکـە، تـاوەکـو دەرەنجامێکی واقیعی هەبێت و لەسەر ئەو بنـەمایـەش بـەرنامـە و پلانی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی دابڕێژرێت.

## بەشەکانی ئەم ستراتیژە

ئەم بەڵگەنامەیە لە پێنج بەش پێکدێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

***بەشی یەکەم***: باس لە ڕێباز و قۆناغەکانی دارشتنی ستراتیژەکە و ئەو هەل و ئاستەنگانە دەکات، کە ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی دەبنەوە.

***بەشی دووەم***: باس لە بارودۆخی گشتی ژنان بەکورتی و بنەما یاساییەکان و ڕەفتاری هەڵە و داب و نەریتی باوی کۆمەڵگە، دژ بە ئافرەتان دەکات، کە لە ئەنجامیدا دووچاری شێوازی جۆراوجۆری توندوتیژی دەبنەوەو زیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دەروونی و... تادوایی... لێ دەکەوێتەوە.

***بەشی سێیەم***: باسی ئەو هەوڵانەی ئێستا دەکات کە لە کوردستاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەدرێن.

***بەشی چوارەم***: باس لە بوارە سەرەکییەکانی کاری ئەم ستراتیژە دەکات، کە بریتییە لە بواری یاسایی و جێبەجێکردن و پاراستن و چاودێری و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ڕزگاربوانی توندوتیژی.

***بەشی پێنجەم***: باس لە چۆنیەتی جێبەجێکردن و بەدواداچوونی ستراتیژەکە دەکات، لە ڕێگەی دامەزراندنی دەستەیەکی باڵا لە دامودەزگا حکوومییە پێوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

# بەشی یەکەم

## بنەماکانی ستراتیژیەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا

### ١١: سەرچاوەکان

ستراتیژی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا پشت بە دەستووری هەمیشەیی عێراق و ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان و ئەو یاسایانە دەبەستێت، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەخۆ سنوور بۆ دیاردەی توندوتیژی و نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ژنان دادەنێت، لەوانەش یاسای باری کەسیەتی هەموارکراو و یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و مادە هەموارکراوەکانی یاسای سزادان، سەرەڕای بوونی ئەم بنەما یاساییانە، سیاسەتی گشتی هەرێم کارکردنە بۆ بونیادنانەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دیموکراسی و مەدەنی و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان و بە تاوان ناساندنی هەموو شێوازێکی توندوتیژی دژ بە ژنان.

هەروەها ئەم ستراتیژە پشتی بە پلانی (٥) ساڵەی پەرەسەندنی نیشتمانی (٢٠١٠-٢٠١٤) و ستراتیژیەتی نیشتمانی عێراق بۆ کەمکردنەوەی هەژاری ٢٠١٠ -٢٠١٤ و ڕەشنووسی

پلانی ستراتیژی گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان ٢٠١٢-٢٠١٦و سەرجەم نەخشە و پلانی کاری وەزارەتەکان بەستووە، کە بەشداری لە گەشەپێدان و نەهێشتنی جیاکاری و توندوتیژی دژ بە ژنان دەکات.

هەروەها ئەم ستراتیژە لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ١٩٤٨ و ڕێککەوتنامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژ بە ژنان ١٩٧٩ و ڕاگەیاندنی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان ١٩٩٣ و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پەکین ١٩٩٥ و بڕیاری ١٣٢٥ ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆنگرەی قاهیرە ١٩٩٤ سەرچاوەی گرتووە.

ئەم ستراتیژە بەرئەنجامی کاری هاوبەشی نێوان ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمانە لەگەڵ دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی کارکردن بۆ یارمەتی و گەشەپێدانی بەردەوام (٢٠١١-٢٠١٤) (UNDAF) مۆرکراوە، کە چەندین بواری گەشەپێدان مسۆگەر دەکات، لەوانەش پاراستنی مافی مرۆڤ و بەڕێوبردنی ژینگە بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی و زیاکردنی هەلی دەستکەوتنی پێداویستی و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و جۆری بەرهەمهێنان و سەرمایەی مرۆیی و تواناسازی ژنان و لاوان و منداڵان.

## وێنەی ژمارە (١) سەرچاوەکان




### ٢.١: میتۆدی کارکردن

جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان لە کوردستاندا، پێویستی بە کارکردن و هەماهەنگی هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان هەیە، لە حکوومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕ و شارەزا لە بوارە جیاجیاکانی کارکردندا، بەتایبەتی سندووقی نیشتەجێکردنی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان.

**داڕشتنی ئەم ستراتیژە بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە:**

* توێژینـــەوە و لێکۆڵینـــەوەی شـــێواز و ڕەهـــەنـــدەکـــانی جیاکاری و توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا.

* ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ دەزگا نێودەوڵەتییە پێوەندیدارەکان.

* چاوخشاندنەوە بە یاسا و بەڵگەنامە و ڕاپۆرتی لایەنە نیـشتمانییە حکـوومی و ناحکوومییـە پێـوەندیـدارەکـان لـە کوردستاندا.

* چاوخشاندنەوە بە هەندێک ستراتیژیەتی وڵاتانی دەرەوە، بە مەبەستی سوود وەرگرتن لێیان.

* پشت بەستن بەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانەی بە مەسەلەی نەهێشتنی توندوتیژی و جیاکاری دژ بە ئافرەتانەوە پێوەندیدارن.

* ئەنجامدانی چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو لایەنە بەشدارەکانی داڕشتنی ئەم ستراتیژە، بەمەبەستی داڕشتنی پرۆگرام و پلانی کارکردن.

* لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئەو دام ودەزگا حکوومی و ناحکوومییانەی کە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی نەهێشتنی جیاکاری و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش لیستێکی تایبەتی ئامادەکراوە و بۆ ئەو دەزگایانە نێردراوە تا لەو سیاسەت و بەرنامانە ئاگاداربن کە لەو بوارەدا وەک پرۆگرام پەیڕەو دەکرێن.

* ئەنجامدانی وەرشەیەکی کارکردن لە ١٣-١٤ /٢٠١١/٥ لە شاری هەولێر، لەگەڵ هاوبەشە سەرەکییەکان لە دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەو وەرشەیەدا، ئەو هەولانەی کە ئێستا لە ئارادایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دیاریکراون، لەگەڵ ئاستەنگ و پێشەنگەکان کە لەوانەیە کاریگەرییان لەسەر جێبەجێکردنی ستراتیژەکە هەبێت.

* ئەنجامدانی زنجیرە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ نوێنەری وەزارەتە پێوەندیدارەکان و زانکۆ و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئۆفیسی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی ڕەشنووسی یەکەمی ستراتیژەکە.

لەبەر گرنگی ڕۆڵی لایەنە جێبەجێکارەکان لە کەرتی حکوومی و ناحکوومی و نێودەوڵەتی ئەم ستراتیژیەتە لەسەر بنەمای مەنهەجیەتی هاوبەش و ڕاوێژکردن لە نێوان لایەنە پێوەندیدارەکاندا داڕێژراوە.

## وێنەی ژمارە (٢) قۆناغەکانی ئامادەکردنی ستراتیژەکە




ئەم ستراتیژە پرۆگرامێک پەیڕەو دەکات، کە تێیدا ئاماژە بە شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکات لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیانیدا، هەر لەو کاتەی لە سکی دایکیەتی تاوەکو دەگاتە قۆناغی پیری.

خولی ژیانی ژن: مەبەستی ئەم شیکردنەوەیە دەرخستنی شێوەکانی توندوتیژییە دژ بە ژن لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، شەش قۆناغی سەرەکی لە ژیانی ژندا هەیە، کە تێیاندا ئافرەت دووچاری توندوتیژی دەبێتەوە. ئەو قۆناغانەش بریتین لە: قۆناغی پێش لەدایکبوون و قۆناغی ساوایی و قۆناغی منداڵیەتی و قۆناغی هەرزەکاریی و قۆناغی پێگەیشتن، یان باڵق بوون و قۆناغی بەساڵاچوون.

وێنەی ژمارە (٣) توندوتیژی دژ بە ژنان لە قۆناغەکانی ژیاندا



## ٣.١: دەرفەتەکانی سەرکەوتنی ئەم ستراتیژە

کۆمەڵێک بنەما و هۆکاری گرنگ هەن بۆ سەرکەوتنی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە و یارمەتیدانی ژنانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی لە کوردستاندا، گرنگترین ئەو فاکتەرانەش بریتین لە:

* بوونی زەمینەیەکی یاسایی گونجاو بۆ بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان  لە هەرێمی کوردستاندا.

*پابەندبوونی فەرمی حکوومەتی هەریم بە هێنانەدی یەکسانی جۆری کۆمەلایەتی لە کوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانی دامەزراندووە، کە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم وەزارەتە پێوەندیدارەکاندا دەکات، بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ژنان.

* بوونی ڕێژەیەکی بەرچاوی ئافرەتان لەناوەندەکانی بڕیاردا.

* بوونی چەندین دام و دەزگای حکوومی کە کار بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکەن، وەک وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگەی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان) وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی لە ڕێگەی (شوێنی داڵدەدان بۆ ئافرەتانی ڕزگاربوو لە توندوتیژی)، وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و چالاکییە هونەرییەکانەوە، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی پلاندانان.

* بوونی ژمارەیەکی زۆری ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاک لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژناندا، کە ڕۆڵێکی سەرەکییان لە جێبەجێکردن و بەدواداچوونی ئەم ستراتیژەدا دەبێت.

* پابەندبوونی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە لە بواری مافەکانی ئافرەتاندا کاردەکەن.

* هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان لە شوێنەکانی بڕیارداندا.

* هەبوونی ژمارەیەک لەو بڕیار و یاسایانەی لە بەرژەوەندی مافەکانی ئافرەتاندان لە هەرێم.

### ٤.١: کۆسپەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە

* تێڕوانینی باوی کۆمەڵ بۆ ڕۆڵی ژنان لەکۆمەڵدا کە جیاکاری نێوان ژن و پیاو دووپات دەکاتەوە و توندوتیژی دژ بە ژنان بە پرسێکی ئاسایی تەماشا دەکات.

* کەمی کادیری شارەزا و بە توانا لەو دامودەزگا حکوومییانەی، کە لە بواری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژناندا کاردەکەن.

* نزمی ئاستی ڕۆشنبیریی یاسایی لەناو کۆمەڵگەدا، بە تایبەتی ژنان.

* بەرزیی ڕێژەی نەخوێندەواری لە ڕیزی ژناندا، کە ڕێگرە لە بەردەم شارەزابوون و هوشیارییان بەو یاسایانەی پاڵپشتیان لێدەکات.

* لاوازی دیدی کۆمەڵگە بۆ بەشداری پێکردنی ژنان لە پرۆسەی ئابووری و گەشەپێدانی بەردەوام و نەهێشتنی هەژاری لە ڕیزیاندا.

* جێبەجێنەکردنی یاسا بە شێوازێکی باش.

* کەمی کەسانی یاسایی و حاکمی لێکۆڵەرەوەی شارەزا لە بواری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژناندا لە دادگەکانی کوردستاندا.

* لاوازی بواری پەروەردە بە گرنگیدان بە چەمکی مافەکانی ژنان و نەهێشتنی جیاکاری لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی.

* کەمی لێکۆڵینەوە و ئامار و توێژینەوەی زانستی و گشتگیری پێویست لەسەر دیاردەی توندوتیژی و شێوازەکانی و ئاستی بڵاوبوونەوەی لە کوردستاندا.

* تەرخان نەکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست لەلایەن دەزگا پێوەندیدارەکانەوە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ڕزگاربوانی توندوتیژی و کارکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە.

* کەمی خزمەتگوزاری تەندروستی و دەروونی بۆ ڕزگاربوانی توندوتیژی، هەروها کەمیی شوێنی داڵدەدان بۆ ئەو ژنانەی دووچاری توندوتیژی و هەڕەشەی کوشتن دەبنەوە.

* لاوازی هەماهەنگی لەنێوان لایەنە پێوەندیدارەکان بە مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان، وەک دامەزراوە حکوومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

# بەشی دووەم

# چەمکی توندوتیژی دژ بە ژنان
# واقیعی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا

## ٢ـ١: چەمکی توندوتیژی دژ بە ژنان لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا

### پێناسەی چەمکی توندوتیژی دژ بە ژنان لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا

**جاڕنامەی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان:**

جاڕنامەی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان کە لە ساڵی ١٩٩٣ دا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، توندوتیژی دژ بە ژنان بەم شێوەیە پێناسە دەکات:

> هەر کردارێکی توندوتیژی کە لەسەر بنەمای ڕەگەز ئەنجام بدرێت و ئازاری جەستەیی و سێکسی و دەروونی لێ بکەوێتەوە، یان لەوانە بێت پێی بگەیەنێت، وەک هەڕەشەلێکردن و ناچارکردنی بە ئەنجامدانی هەندێک کار، یان زەوتکردنی ئازادییەکانی لە بواری گشتی، یان تایبەتیدا.

## كۆنگرەی جیهانی مافی مرۆڤ لە ڤیەننا

كۆنگرەی جیهانی مافی مرۆڤ كە ساڵی ١٩٩٣ لە ڤیەننا بەسترا، تێیدا ڕاگەیاندن و بەرنامەی كاری ڤیەننا دەرچوو توندوتیژی و جیاكاری دژ بە ژنانی پێكەوە گرێدا، لە بڕگەی ٣٨ ئاماژە بەوە دەكات

**توندوتیژی بریتییە لە هەموو جۆرەكانی گێچەڵی سێكسی و بەكاربردنی سێكسی و جیاكاری لەسەربنەمای ڕەگەز و دەمارگیری و توندڕەوی).**

هەروەها لە بڕگەیەكی دیكەدا ئاماژە بەوە دەكات:

**كۆنگرەی جیهانی مافەكانی مرۆڤ بەشێوەیەكی تایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەژیانی گشتی و تایبەتی و نەهێشتنی هەموو جۆرەكانی گێچەڵی سێكسی و بازرگانی بەژنان و نەهێشتنی لایەنگری بۆ ڕەگەزی پیاو لە پێناو هێنانەدی عەدالەتی كۆمەڵایەتیدا كاردەكات.**

## كۆنگرەی پەكین:

بەڵگەنامەی چوارەمین كۆنگرەی ئافرەتان كە لە ساڵی ١٩٩٥دا لە پەكین بەسترا، كۆنگرەكە بەم شێوەیە توندوتیژی دژ بە ژنان پێناسە دەكات:

**توندوتیژی دژ بە ژنان بریتییە لە هەر جۆرە شێوازێكی توندوتیژی كە لەسەر بنەمای ڕەگەز ئەنجام بدرێت و زیانی سێكسی و جەستەیی و دەروونی لێ بكەوێتەوە، یان هەڕەشە بە ئەنجامدانی بكرێت، یان زەوتكردنی مافەكانی ژنان لە شوێنی گشتی، یان لە ژیانی تایبەتیدا.**

# بارودۆخی گشتی هەرێمی کوردستان

## ٢.٢: بارودۆخی سیاسی

هەرێمی کوردستان زۆر ڕووداوی سیاسی بەخۆوە بینیوە، کە کاریگەری خراپیان لەسەر بارودۆخی ژنان هەبووە، ئەم ڕووداوانە لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو کە بە شەڕ و داگیرکاری و کوشتن و ڕاونان و کۆچی زۆرەملی دەستی پێکرد و تا کۆتایی ساڵانی هەشتاکان توندوتیژی سیاسی گەیشتە لووتکە، کە بریتی بوو لە بۆردومانی کیمیایی و پڕۆسەی ئەنفال. ئەم ڕووداوانە کاریگەری زۆریان لەسەر ڕووخاندنی ژێرخانی کۆمەڵ و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی جومگەی کۆمەڵایەتی هەبووە، کە ژنان بەشێکی گرنگی ئەم جومگەیەن. دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بەسەردا هات و ڕۆژ بەڕۆژ ئاسایش جێگیرتردەبێت و هەنگاوەکانی بەرەو دیموکراسی مافەکانی مرۆڤ زیاتر دەبێت، دروست بوونی دەیان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بە مافی ژنان و دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان کە سەرۆکی حکوومەت سەرۆکایەتی دەکات، نموونەی دیاری ئەم گۆڕانکارییانەن.

### بواری ئابووری:

لە چەند ساڵی ڕابردوودا داهاتی نەتەوەیی و ناوەندی و پشکی تاکە کەس گەشەیەکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، لە ساڵی ٢٠٠٣دا (٧٩٤٩٧٦) هەزار دینار بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ ناوەندی پشکی تاکە کەس بۆ (٦٨٥٨٧٥٠) دینار بەرزبووەوە.

ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ڕەگەزییەوە بریتییە لە ٥٠.٢% نێرو ٤٩.٨% مێ. واتە نزیک هاوسەنگن لەگەڵ باشتربوونی بارودۆخی ئابووری و بەرزبوونەوەی پشکی تاکە کەس، ڕێژەی بێکاری لە ساڵی ٢٠٠٩دا بە ١٤% مەزەندە دەکرێت و لەم ڕێژەیەش ٣٤.٣٩% ژنەو ٩.٥٦% پیاون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە ڕیزی ئافرەتاندا زیاترە و ژمارەیەکی زۆری ژنان لە ڕووی ئابوورییەوە پاشکۆی پیاوانن.

### ئاستی خوێندەواریی:

بە پێی ئامار و ئەنجامەکانی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ دا ڕێژەی نەخوێندەواری لە هەرێمدا ٢٧.٤% بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠٠٩دا بۆ ١٨.٤% کەم بووەتەوە. هەرچەندە ئەم ئامارانە ئەوە دەرناخەن کە ڕێژەی نەخوێندەواری لە ڕیزی ژناندا چەندە، بەڵام لە سەرجەم لێکۆڵینەوەکاندا دەردەکەوێت کە لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێم و لە زۆربەی ئاست و قۆناغەکانی خوێندندا ڕەگەزی مێینە کەمتر بواری خوێندنی بۆ ڕەخساوە بە بەراورد لەگەڵ

ڕەگەزی نێرینەدا، ئەمەش بۆ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی باو دەگەڕێتەوە کە فێربوون و خوێندنی ژنانی بەهەند وەرنەگرتووە و ڕۆڵی ژنانی لە کۆمەڵدا بە وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانەوە سنووردار کردووە. کە وا لە خێزانەکان دەکات کچەکانیان بە منداڵی بە شوو بدەن، هەروها زۆری ڕێژەی بێکاری و هەژاری کە بە ڕێژەی ٤٪ هۆکارێکی ترە بۆ زیادبوونی ڕێژەی نەخوێندەواری لە ڕیزی کچاندا.

## بواری تەندروستی:

هەرچەندە ڕێژەی ٥.٧٧٪ی بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی تەندروستی تەرخان کراوە، بەڵام خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە پێی پێوەری کاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە پێی پێویست نییە و تا ئێستا لە کۆی ١٠٠.٠٠٠ هەزار ژنی دووگیان ٣ ژن دەمرێت (ساڵی ٢٠٠٦) کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بە بەراورد لەگەڵ هەندێک وڵاتانی ناوچەکەدا. ئەمە جگە لەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی تری وەک چاودێری و چارەسەری هەندێک نەخۆشی وەک شێرپەنجەی مەمک و منداڵدان و هەندێک نەخۆشی تر کە دووچاری ژنان دەبێتەوە گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، بۆیە ڕێژەی مردن لە ڕیزی ژناندا زۆرە.

---

(سەرجەم ئەم ئامارانە لە پرۆژەی پلانی گەشەپێدانی ستراتیژی هەرێمی کوردستان ٢٠١٢-٢٠١٦ وەرگیراون).

## ٣.٢ بنەما یاساییە ناوخۆییەکان کە زەمینە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییە خۆش دەکەن

### دەستوری عێراق

دەستووری عێراق یەکسانی عێراقییەکانی لەبەردەم یاسادا چەسپاندووە، بەبێ جیاوازی ڕەگەزو ڕەنگ و ئایین و مەزهەب و بیروباوەڕو بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی (بەشی یەکەم لە مادەی ١٤)، هەروها یەکسانی ژن و پیاو مافی کارکردن مادەی (١|٢٢)، بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری فێربوون مادەی (٣٤) خزمەتگوزاری تەندروستی ماددەی (٣١، ٣٢، ٣٣) مافی ژنان لەوەرگرتنی ڕەگەزنامە بۆ منداڵەکانی ماددەی ( ١٨|ا) ، پابەندبوون بە سستمی کۆتا بۆ زامنی بەشداری ژنان لە ناوەندی بڕیاردا مادەی (٤٩)، مافی بەشداری و بەکارهێنانی سەرجەم ئەو مافە سیاسییانەی پیاوان هەیانە بەشی یەکەم ماددەی (٢٠)، بەڵام مادەی (٤١)ی ئەم دەستوورە بوارێکی واڵای بۆ پێشێلکردنی مافی ژنان ڕەخساندووە بەناوی ڕێزگرتنی ئایین و نەریت و بیروباوەڕ.

### ١.٣.٢: پرۆژەی دەستووری هەرێم:

لە ماددەی بیستەمدا، تایبەت بە مافە شارستانی و مەدەنییەکان ئاماژە بەوە کراوە کە هەموو کەس بەرانبەر یاسا یەکسانە و، هەموو چەشنە جیاکارییەک لەسەر بناغەی نەژاد، ڕەگەز، ڕەنگ، پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕەگەزنامە، بنەچە، ئایین،

بیروباوەڕ، هزر، تەمەن، باری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، یان کەم ئەندامی قەدەغەیە.

بەپێی ماددەی نۆزدەش کەرامەتی ئادەمیزاد پارێزراوە و ڕێزگرتن و پاراستنی ئەرکی هەموو دەستەڵاتەکانی هەرێمە، هەموو کەس مافی ژیان و ئازادی هەیە و بە یاسا نەبێت نابێت هیچ کەس لێیان بێبەش بکرێن، یان لێی بەرتەسک بکرێتەوە، هەروەها ئەم پڕۆژەی دەستوورە ڕێگە لەبەکارهێنانی گشت جۆرەکانی جیاکاری و توندوتیژی دەگرێت.

## یاسا هەموارکراوەکانی هەرێمی کوردستان

### ٢.٣.٢: یاسای سزادان

* هەمواركردنەوەی بڕگەی یەک لە مادەی چل و یەک لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو (بەپێی ئەم مادەیە مەسەلەی تەمێ کردن لەلایەن پیاوەوە، ژن ناگرێتەوە).

* هەمواركردنی بڕگەی دوو لە مادەی ٣٧٧ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ساڵی ١٩٦٩ (سزای زیناکردن بۆ ژن و پیاو وەکو یەکە).

* هەموارکردنی مادەکانی ١٢٨-١٣٠-١٣١ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ سەبارەت بە کوشتن بە بیانووی شەرەف، پاساو نییە بۆ سووککردنی سزاکەی.

### ٣.٣.٢: یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی

ئەم یاسایە کە لە ٦/٢١/ ٢٠١١دا دەرچووە، بەم شێوەیە توندوتیژی خێزانی پێناسە دەکات:

**هەر کردارێک، یان وتەیەک، یان هەڕەشە پێلێکردن بێت لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پێوەندی خێزاندا، کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری، یان خزمایەتی تا پلەی چوارەم بنیات نرابێت و ئەوانەی بە پێی یاسا هاتوونەتە ناو خێزانەوە و دەشێ لە باری جەستەیی و ڕەگەز و دەروونییەوە زیانیان پێبگەیەنێت و ماف و ئازادییان لە دەست بدات.**

هەروها ئەم یاسایە کۆمەڵیک ڕێوشوێنی پێویستی بۆ سەرجەم وەزارەتە پێوەندیدارەکان دەستنیشان کردووە، بە مەبەستی پاراستن و داڵدەدانی ئەو ژنانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوە.

### ٤.٣.٢: یاسای باری کەسێتی

* سەرەڕای هەموارکردنی مادەی ٢٥ی یاسای باری کەسێتی بە ئاراستەی پتەوکردنی مافەکانی ژن لە خێزان و لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، بەڵام هەندێک بەندی ئەم یاسایە پێویستی بە هەموارکردن هەیە، بەتایبەتی ئەو مادانەی کە پێوەندییان بە مەسەلەی فرەژنی و میراتەوە هەیە.

* یاسای ژمارە ٢٤ی ساڵی ٢٠٠٤ لەبارەی پابەندبوون بە یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر هات و بڕیاری ١٣٧ کە لەلایەن ئەنجوومەنی کاتی حوکم لە عێراق کە لە ٢٠٠٣/١٢/٢٩دا دەرچووە، یان هەر بڕیارێک و هەر یاسایەک کە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ ببێتە مایەی وەلانانی ئەو یاسایە.

### ٢.٣.٥: دایکایەتی و مۆڵەتی منداڵبوون

خەرجکردنی مووچە و دەرماڵەی تەواو بۆ ئەو ژنانەی مۆڵەتی منداڵبوون و دایکایەتی وەردەگرن بە درێژایی مۆڵەتەکەیان کە لە ساڵێک زیاتر نییە.

### ٢.٣.٦: یاساکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان

پەیڕەوکردنی سستمی کۆتا کە ڕێژەی بەشداری ژنان لە سەرجەم ئەنجوومەنە هەڵبژێرراوەکاندا بە پەرلەمانیشەوە نابێت لە ٣٠% کەمتر بێت.

### ٢.٣.٧: یاسای لێبوردنی گشتی:

یاسای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان ئەو کەسانە ناگرێتەوە بە بیانوو و پاساوی شەرەفەوە تاوانیان ئەنجام دابێت.

### ٢.٣.٨: مەرجی بوون بە دادوەر:

بە پێی یاسای ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان مەرجی هاوسەرگیری بۆ بوون بە دادوەر لابراوە.

## ٢. ٤: شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

هەروەک چۆن داب و نەریتەکان لە پرۆسەیەکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، مێژوییدا ڕیشەیان لە کۆمەڵدا داکوتاوە، هەرواش لەڕیشەهەڵکێشانیان کاتی دەوێت، بۆیە سەرەڕای ئەو کار و هەنگاوانەی لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابوردوودا لە هەرێمی کوردستان نراوە پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان تاڕادەیەک نێو خێزان و پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیشی گرتووەتەوە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییانە لە ئاستی خواستەکاندا نین، داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان شەرعیەت بە بەردەوام بوون و دووبارەبوونەوەی جیاکاری و توندوتیژی دژ بە ژنان دەدەن و بیانووی جۆراوجۆر بۆ ئەنجامدانی دەهێنرێتەوە.

شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە کوردستاندا چەندین جۆری هەیە و هەندێکیان کەم بوونەتەوە، یان تەنیا لە هەندێک ناوچەی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت، بەڵام هەندێک شێوازی دیکە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە و هەندێک جار دەگاتە ڕادەی کوشتن بە بیانووی شەرەف، یان ناچارکردنی ژنان بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن.

### ٢.٤.١: کوشتن بە بیانووی شەرەف پارێزی

کوشتن بە بیانووی شەرەف توندترین شێوازی توندوتیژی جەستەییە کە بەرانبەر ئافرەتان ئەنجام دەدرێت، کە کەسێک یان

زیاتر بە بیانووی گەڕانەوەی شەرەفی خێزانەکەیان ئەم کوشتنە ئەنجام دەدەن. کوشتنی ژنان لە کوردستاندا تا ئێستا بە ڕێژەیەکی بەرز هەیە و بە پێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی لە وەزارەتی ناوخۆ لە ساڵی ٢٠١٠دا ٥٣ ژن کوژراون.

### ٢.٤.٢: *خۆکوشتن*

دیاردەی خۆکوشتن یەکێکە لەو دیاردانەی کە تاک لەژێر فشاری بارودۆخیکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزدا خۆکوشتن وەک ڕیگەچارەیەک دەبیننەوە بۆ ڕزگاربوون لە کێشەکانیان. بە هۆی ئەو فشارە کۆمەڵایەتییەی ژنان لەناو خێزان، یان لە دەرەوەیدا دووچاری دەبێتەوە، پەنا بۆ خۆ کوشتن دەبەن. بە پێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی لە وەزارەتی ناوخۆ لە ساڵی ٢٠١٠دا ٥٢ ژن خۆیان کوشتووە.

### ٣.٤.٢: *سووتاندن و خۆسووتاندن*

خۆسووتاندن یەکێکە لەو شێوازانەی خۆکوشتن کە ژنان لە کورستان پەنای بۆ دەبەن، هەرچەندە زۆر بۆچوونی جیاواز لەسەر هۆکاری پەنابردنی ژنان بۆ ئەم شێوازە لەخۆکوشتن هەیە، بەڵام تا ئێستا ڕوون نییە هۆی چییە ژنان پەنا بۆ ئەم شێوازە لەخۆکوشتن دەبەن، یان بنەماڵەکانیان ئەم شێوازە دەگرنە بەر بۆ لەناوبردنی کچ و ژنەکانیان. ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دەریدەخەن کە

تەنیا لە ساڵی ۲۰۱۰دا ٤۹۰ ژن خۆیان سووتاندوە، یان سووتێنراون.

### ٢.٤.٤: خەتەنەکردنی کچان

خەتەنەکردنی کچان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی باو لە هەندێک لە ناوچەکانی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت، تائیستا سەرژمێرییەکی ڕاست و زانستی دەربارەی بڵاوی ئەم دیاردەیە لەبەردەستدا نییە، بەڵام ئەو ئامارانەی لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ڕاگەیەنراون ئەوە دەردەخەن کە ئەم دیاردەیە لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا بەشێوەیەکی بەربڵاو لەساڵانی رابردوودا هەبووەو ئێستا بەرەو کەم بوونەوە دەچێت.

### ٢.٤.٥: بە منداڵی بە شوودان

یەکێک لە شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە کچان، بریتییە لە بەشوودانی کچان بە منداڵی بە شێوەیەکی فراوان، لە ساڵانی ڕابردوو لە کوردستان هەبوو، ساڵ بە ساڵ بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات، ژمارەیەکی زۆری ئەو کچانەی بە منداڵی بەشوو دەدرین تەمەنیان لە نێوان ۱۵-۱۹ ساڵیدان.

## خشتەی ژمارە ( ٤) کۆی گشتی ڕووداوەکانی توندوتیژی لە ساڵی ٢٠١٠

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتان | ئەشکەنجە | سکالای جۆراوجۆر | دەستدرێژی سێکسی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **هەولێر** | ٢٦ | ١٢ | ١٠٢ | ٦٤ | ٢٣٤ | ١١٢٣ | ٣٥ |
| **دهۆک** | ١٠ | ١٥ | ٥٦ | ٢٩ | | ٥٦١ | ١٩ |
| **سلێمانی** | ٨ | ٢٥ | ١٥٣ | ٤٩ | ٨٣٤ | ٥١٩ | ٧٨ |
| **گەرمیان** | ٩ | | ٣٧ | | | ٢٨٢ | ٢ |
| **کۆی گشتی** | **٥٣** | **٥٢** | **٣٤٨** | **١٤٢** | **١٠٦٨** | **٢٤٨٥** | **١٣٤** |

## وێنەی ژمارە (٥)
## کۆی گشتی ڕووداوەکانی توندوتیژی لە ساڵی ٢٠١٠



## ٢.٥: پاشماوەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

توندوتیژی دژ بە ژنان پاشماوەی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە، کە کار دەکەنە سەر باری تەندروستی ژنان و پەروەردەی نێگەتیڤانەی مندالّ و ئارامی و ئاسوودەیی خێزان و سەرجەم کۆمەڵگەکەمان دەخەنە بەر مەترسی، هەروەها زیان بە ئابووری و گەشەپێدانی وڵات دەگەیەنێت و ڕێژەی هەژاری لەڕیزی تاکەکان و لە نێو خێزاندا زیاتر دەکات، بێگومان ئەو کەسانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوە ناتوانن لە کارکردن بەردەوام بن، یان لە کاتی بەردەوام بوونیشیاندا بەرهەمیان کەم دەبێت.

سەرەڕای ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری سەرچاوەی دارایی خێزانەکانیان و بودجەی دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە دەروونی و جەستەییانە خەرج دەکرێت، کە لە ئەنجامی ئەو توندوتیژییەوە تووشیان دەبێت. ئەمەو سەرەڕای ئەو بڕە پارە زۆرەی بۆ دابینکردنی شوێنی داڵدەدان و دەزگاکانی پۆلیس و دادگاکان بۆ ئەم مەبەستە خەرج دەکرێن.

# بەشی سێیەم

## دیدی ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان

ئەم ستراتیژە کە لەسەر بنەمای یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی و پاراستنی بنەمای مافی مرۆڤ داڕێژراوە چاوەڕیی هاوکاری و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی لەلایەن سەرجەم دەزگا حکوومی و ناحکوومییەکانی هەرێمی کوردستانەوە لێدەکرێت.

### ٣.١: **ئامانجی ئەم ستراتیژە**

ئامانجی سەرەکی ئەم ستراتیژە بریتییە لە نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و ئارام بۆیان لە کوردستان و پاراستنی ئاسوودەیی کۆمەڵگە.

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە سەرەکییە چەند ئامانجێکی دیکەی گشتی دانراوە، لەوانەش:

* ***پاراستنی یاسایی***، دابینکردنی زەمینەیەکی یاسایی ئەوتۆ کە هەموو شێوازێکی جیاکاری و توندوتیژی دژ بە ژنان قەدەغە بکات.
* ***خۆپاراستن***، هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەربارەی هۆکارو ئاسەوارەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لەسەر خێزان و کۆمەڵگە.

* **پاراستن:** پاراستنی ئافرەتان لە سەرجەم شێوازەکانی توندوتیژی.
* **چاودێریکردن**، دابینکردن و باشترکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بەو ژنانە دەکرێت، کە لە توندوتیژی رزگاریان بووە.

### ٢.٣: دیدی هەمەلایەنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان

دیدی ئەم ستراتیژە دووبارە ڕێکخستنەوەو داڕشتنی پلانی کارکردنە بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە لەگەڵ پێداویستییەکانی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا بگونجێت، دەبێت لە سەر بنەمای یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی و ڕێزگرتنی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ بێت و لەگەڵ بنەما نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت و سیاسەتێکی ئەوتۆ دادەڕێژێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیانیدا چ لە ناوخێزان یان ژیانی گشتیدا ڕووبەڕووی ببێتەوە.

**دیدی هەمەلایەنی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان ئەم بنەمایانە لەخۆ دەگریت:**

* ***ئەو سیاسەتانەی پەیڕەو دەکرێن:*** ئەو سیاسەتەی لەم ستراتیژەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت، بریتییە لە هاوکاری نێوان سەرجەم دەزگا حکوومی و ناحکوومییەکان، هەروەها پرسی توندوتیژی دژ بە ژنان بە ئەجێندەی کارکردن بۆ هێنانەدی یەکسانی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێدانی بەردەوامەوە گرێ دەدات.

* ***یاسا:*** کارکردن بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو یاسایانەی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان دەرچوون و ئەو بەندانەی کە لە یاسای سزادانی عێراقی و باری کەسیەتیدا هەموارکراونەتەوە، سەرەڕای هەوڵدان بۆ لابردنی سەرجەم ئەو بڕگانەی لە یاساکانی دیکە هەرێمدا جیاکاری دژ بە ژنان دووپات دەکاتەوە.

* ***خۆپاراستن:*** بریتییە لە هێنانەدی گۆڕانکاری لە شێوازی کارکردن و ڕێگەگرتن لە توندوتیژی پێش ڕوودانی لەڕێگەی هەڵمەتی ڕۆشنبیرکردنەوەی کۆمەڵگە بە گشتی ولاوان و منداڵان بەتایبەتی، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یەکسانی نێوان ژن پیاو و نەهێشتنی هەموو شێوازیکی جیاکاری و توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا.

* ***پاراستن***: بریتییە لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەو ژنانەی دووچاری توندوتیژی دەبنەوە و دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و یاسایی بۆ ڕزگاربوان لە توندوتیژی و ڕاگرتن و ماوەنەدان بە بەردەوام بوونی توندوتیژی دژیان.

* ***چاودێریکردن***: بریتییە لە یارمەتیدانی قوربانیانی توندوتیژی و دووبارە ئامادەکردنەوەیان بە شێوازێک تا بتوانن لە ژیانی گشتیدا بەشداری بکەن.

* ***جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن***: پێکهاتووە لە دانانی چوارچێوە و پلان و میکانیزمی گونجاو بۆ چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە.

## خشتەی ژمارە (٦) بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژیەتی هەمەلایەن



# بەشی چوارەم

## بوارەکانی کاری ستراتیژی

| بواری یاسایی |
|---|
| ئامانجی گشتی یەکەم: دابینکردنی زەمینەیەکی یاسایی ئەوتۆ کە هەموو شێوازێکی جیاکاری و توندوتیژی دژ بە ژنان قەدەغە بکات. |

| Output | Indicators | لایەنی جێبەجێکار | |
|---|---|---|---|
| ئامانجە تایبەتییەکان | ئاماژەکان | لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن | لایەنی پێوەندیدار |
| ١ – پاراستنی یاسایی بۆ ئەو ژنانەی دووچاری توندوتیژی و جیاکاری دەبنەوە لە ژیانی گشتی و تایبەتیدا. | * کاراکردنی یاسای رووبەڕووبونەوەی توندوتیژی خێزانی<br>* دانانی یاسایەک بۆ شەلتەرەکانی دالدەدان<br>* کاراکردن و دامەزراندنی دادگای تایبەتمەند بە توندوتیژی خێزانی<br>* هەمواركردنەوەی یاساکان بەشێوەیەک کە یەکسانی جۆری کۆمەلایەتی بەهەند وەربگیرێت | * ئەنجوومەنی بالای کاروباری خانمان<br>* وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی<br>* وەزارەتی داد<br>* ئەنجوومەنی دادوەریی<br>* پەرلەمان | * رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی<br>* دەستەی بالای مافی مرۆڤ |
| ٢ – ریککەوتن لەسەر پێناسەی چەمکی توندوتیژی دژ بەژنان بەجۆرێک کە لەگەل رێککەوتننامە نێودەولەتییەکاندا بگونجێت. | پێناسەیەکی نیشتمانی بۆ توندوتیژی دژ بەژنان لە یاساکانی کوردستاندا. | * ئەنجوومەنی بالای کاروباری خانمان.<br>* لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان | * رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی<br>* دەزگاکانی راگەیاندن<br>* هەموو وەزارەتەکان |
| ٣- سستمی دادوەری بەشێوازێک دابنرێت کە ئاسانکاری لەگەل تاوانبارانی توندوتیژی دژ بە ژنان نەکات | * دەلیلی دادگاکان دەربارەی چۆنیەتی مامەلە کردن لەگەل کەیسەکانی توندوتیژی دژ بە ژناندا | * وەزارەتی ناوخۆ<br>* وەزارەتی داد<br>* ئەنجوومەنی بالای کاروباری خانمان<br>* ئەنجوومەنی دادوەریی | * رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی<br>* دەزگاکانی راگەیاندن |
| ٤- چاوخشاندنەوە بە هەموو ئەو پلانە نیشتمانییەکان لە دیدو | * ئەنجامدانی لێکۆلینەوە لە یاسای سزادان و باری کەسیەتی و | * ئەنجوومەنی بالای کاروباری خانمان<br>* وەزارەتی داد | رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی |

| Output | Indicators | لايەنى جێبەجێكار | |
|---|---|---|---|
| ئامانجە تايبەتييەكان | ئاماژەكان | لايەنى بەرپرس لە جێبەجێكردن | لايەنى پێوەنديدار |
| بۆچوونى يەكسانى جۆرى كۆمەڵايەتييەوە. | لێبوردنى گشتى * دەركردنى بريارو رێنمايى بە مەبەستى رێگەگرتن لە جياكارى و توندوتيژى لەو ياسايانەدا. | * زانكۆكان * ناوەندەكانى لێكۆڵينەوە * ليژنەى داكۆكيكردن لە مافى ئافرەتان لە پەرلەمان | |
| ٥- ئامادەكرنى كاديرى دادوەرى و ياسايى بۆ چۆنيەتى مامەڵەكردن لەگەڵ كەيسەكانى توندوتيژى دژ بە ژنان لە ديدى يەكسانى جۆرى كۆمەڵايەتييەوە | * خولى ڕاهێنان بۆ دادوەرو داواكارى گشتى دەربارەى توندوتيژى دژ بە ژنان | * ئەنجوومەنى دادوەرى * ئەنجوومەنى باڵاى كاروبارى خانمان * وەزارەتى پلان دانان | * رێكخراوەكانى كۆمەڵگەى مەدەنى * وەزارەتى پەروەردە * وەزارەتى خوێندنى باڵاو توێژينەوەى زانستى |
| ٦- گونجاندنى مادە ياساييەكان بە شێوازێك كە لەگەڵ رێككەوتنامە و بەڵگەنامە نێودەوڵەتييەكاندا بگونجێت | * ياسا پێوەنديدارە هەمواركراوەكان بەپێى رێككەوتنامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتييەكان | * ئەنجوومەنى باڵاى كاروبارى خانمان * وەزارەتى داد * پەرلەمان | رێكخراوەكانى كۆمەڵگەى مەدەنى |
| ٧- زيادكردنى بەشداريكردنى ژنان لە بوارى دادوەريدا | نوێنەرايەتى بەرزى ژنان لە بوارى دادوەريدا | * وەزارەتى داد * ئەنجوومەنى باڵاى دادوەرى * ئەنجوومەنى باڵاى كاروبارى خانمان | رێكخراوەكانى كۆمەڵگەى مەدەنى |
| ٨- يارمەتيدانى قوربانيانى توندوتيژى بۆ گەيشتنيان بە دادگا | هوشياركردنەوە و تواناسازى ژنان | * رێكخراوەكانى كۆمەڵگەى مەدەنى *ئەنجوومەنى باڵاى كاروبارى خانمان | |

## بواری خۆپاراستن

**ئامانجی گشتی دووەم: هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە پاشماوەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان لەسەر خێزان و کۆمەڵگە**

| Output | Indicators | لایەنی جێبەجێکار | |
|---|---|---|---|
| ئامانجە تایبەتییەکان | ئاماژەکان | لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن | لایەنی پێوەندیدار |
| ١- هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە مەسەلەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان و کارتێکرنی لەسەر ژن و خێزان و کۆمەڵگە | * ڕاگەیاندن پلانێکی نیشتمانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان.<br>* هەڵمەتێکی نیشتمانی ١٦ ڕۆژی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان | * ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان<br>* وەزارەتی ناوخۆ<br>* وەزارەتی ڕۆشنبیری<br>* وەزارەتی پەروەردە<br>* ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی<br>* دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ | * وەزارەتی پلاندانان<br>* دەزگاکانی ڕاگەیاندن<br>* وەزارەتی دارایی |
| ٢- کۆکردنەوەی زانیاری گشتگیر و دروست دەربارەی توندوتیژی دژ بە ژنان | * لێکۆڵینەوەو توێژینەوە دەربارەی توندوتیژی دژ بە ژنان<br>* سستمێکی زانیاری هاوبەش دەربارەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە دەزگاکانی پۆلیس و دادوەری و بنکەکانی تەندروستی و کۆمەڵگەی مەدەنی | * ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان<br>* وەزارەتی ناوخۆ<br>* وەزارەتی پەروەردە<br>* وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی<br>* وەزارەتی ڕۆشنبیری<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | * ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی<br>* وەزارەتی ڕۆشنبیری |
| ٣- ڕۆشنبیرکردنی کارمەندانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە کەیسی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان | پرۆگرامی ڕۆشنبیرکردنەوە بۆ کارمەندانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن | * ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان<br>* وەزارەتی ڕۆشنبیری<br>* ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | * وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی |
| ٤- هوشیارکردنەوەی ژنان بە مافە یاساییەکانیان | پرۆگرامی هوشیارکردنەوەی یاسایی بۆ ژنان | * ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان<br>* دەزگای سەربەخۆی مافی مرۆڤ<br>* وەزارەتی داد | * وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی<br>* وەزارەتی ناوخۆ<br>* ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی |
| ٥- دەرج کردن و تێکەڵکردنی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی لە دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن | * هەموارکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بەشێوەیەک کە یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی لەبەرچاوبکریت<br>* ڕاهێنانی فەرمانبەرانی دەزگاکانی فێرکردن بە کەیسی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی | * ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان<br>* وەزارەتی پەروەردە | * ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی |

| بواری پاراستن | | | |
|---|---|---|---|
| ئامانجی گشتی سێیەم: پاڵپشتی کردنی ئەو ژنانەی لە توندوتیژی رزگاریان بووە و پاراستنیان لە هەموو شێوازێکی توندوتیژی | | | |
| Output | Indicators | لایەنی جێبەجێکار | |
| ئامانجە تایبەتییەکان | ئاماژەکان | لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن | لایەنی پێوەندیدار |
| ١ - پاڵپشتیکردن و پاراستنی زیاتری ئەو ژنانەی قوربانی توندوتیژین | * دابینکردنی هێڵی پێوەندیکردنی خێرایی<br>* بەرنامەی دووبارە ئامادەکردنەوەی رزگاربووانی توندوتیژی<br>* تواناسازی قوربانیانی توندوتیژی لە رێگەی خولی راهێنانەوە | * وەزارەتی ناوخۆ<br>* وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی<br>*ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان | * وەزارەتی تەندروستی<br>* وەزارەتی پەروەردە<br>* رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی |
| ٢- بەرزکردنەوەی تواناکانی ئەو دام و دەزگایانەی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و پارستنی ژناندا کاردەکەن | * خولی راهێنان بۆ کارمەندانی ئەم بوارە لە شەڵتەرەکانی داڵدەدان و بەرێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و نەخۆشخانەکاندا<br>* ئامادەکردنی رێبەری راهێنان بۆ کارمەندانی ئەو دەزگایانەی لەم بوارەدا کاردەکەن | * ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان<br>* وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی<br>* وەزارەتی ناوخۆ<br>* وەزارەتی تەندروستی | * رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی |

## بواری چاودێریکردن

**ئامانجی گشتی چوارەم: باشترکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە ژنانی قوربانیانی توندوتیژی دەکرێت**

| Output | Indicators | لایەنی جێبەجێکار | |
|---|---|---|---|
| ئامانجە تایبەتییەکان | ئاماژەکان | لایەنی بەرپرس لە جێبەجێکردن | لایەنی پێوەندیدار |
| ١ – دابینکردن و چاککردنی چارەسەری تەندروستی بۆ قوربانیانی توندوتیژی | ئامادەکردنی سەنتەرە تەندروستییەکان و بەشە تایبەتییەکان لە نەخۆشخانەکاندا بە شێوەیەک کە بتوانیت بە باشی مامەڵە لەگەڵا حاڵەتەکانی توندوتیژیدا بکات | * وەزارەتی تەندروستی<br>* وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی<br>* وەزارەتی ناوخۆ | * ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان<br>* ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی |
| ٢- دووبارە ئامادەکردنەوەی قوربانیانی توندوتیژی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە تا جارێکی تر بە ئاسایی بەشداری ژیانی گشتی لە کۆمەڵگەدا بکەن | * سەنتەری ئامادەکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی | * وەزارەتی تەندروستی<br>* وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی | * ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی |
| ٣- باشترکردن و زیادکردنی شەڵتەرەکانی داڵدەدانی قوربانیانی توندوتیژی | * شەڵتەری گونجاو کە ژیانی ئەوانەی تێدا دەژین پارێزراو بێت<br>* باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی ناو شەڵتەرەکان | * وەزارەتی ناوخۆ<br>* وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی<br>* ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان | * ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی<br>* دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ |
| ٤- ئاسانکاری بۆ گەیشتنی قوربانیانی | * ئامادەکردنی بڵاوکراوەی تایبەت بەو | * ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان | * وەزارەتی ڕۆشنبیری |

| Output | Indicators | لایەنی جێبەجێکار | |
|---|---|---|---|
| ئامانجە تایبەتییەکان | ئاماژەکان | لایەنی بەرپرس لە جێبەجیکردن | لایەنی پێوەندیدار |
| توندوتیژی بۆ ئەو ناوەندانەی خزمەتگوزاری لەم بوارەدا پێشکەش دەکەن | ناوەندانە<br>* ئاشناکردنی ژنان بە شوێنی ئەو ناوەندانە لەرێگەی ڕاگەیاندنەوە | * وەزارەتی ناوخۆ<br>* وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی<br>* ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | * دەزگاکانی ڕاگەیاندن |
| ٥- تواناسازی کارمەندانی ئەو ناوەندانەی خزمەتگوزاری پێشکەش بە ژنان لە قوربانیانی توندوتیژی دەکەن | کارمەندی بە توانا لە بواری خزمەتگوزارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا | * وەزارەتی تەندروستی<br>* وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی<br>* وەزارەتی ناوخۆ<br>*ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان | * وەزارەتی پلاندانان<br>* وەزارەتی دارایی<br>* ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان.<br>* ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی |

## بەشی پێنجەم

## جێبەجێکردن و بەدواداچوون

مەبەستی سەرەکی لە بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە بریتییە لە دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی ڕێک وپێک و شەفاف کە کارتێکردنی پۆزەتیڤی لە سەر کۆمەڵ و ژیانی ژنان بە گشتی و ژنانی قوربانیانی توندوتیژی بە شێوەیەکی تایبەتی هەبێت. گرنگی ئەم هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونە لەوەدایە کە بزانریت تا چ ڕادەیەک ئەم ستراتیژە واقعییە و توانای جێبەجێکردنی هەیە، هەروەها خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دەستنیشان دەکات و میکانیزمی نوێ بۆ جێگرتنەوەی ئەو میکانیزمانەی توانای جێبەجێکردنیان نییە دەدۆزێتەوە.

جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە پێویستی بە پلانی کاری ساڵانە هەیە و ئەم پلانەش دەبێت بە پێی گرنگی پێداویستییەکان لەلایەن لایەنە هاوکارە پێوەندیدارەکانەوە دابڕێژرێت کە زەمانەتی جێبەجێکردنی ئامانج و دەرئەنجامەکانی ئەم ستراتیژە زیاتر بکات. هەروەها پێویستە سەرجەم وەزارەتە پێوەندیدارەکان بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پلانی کاری ساڵانە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە دابنین، دەبێت پەرلەمانی کوردستان چاودێری جێبەجێکردنی ئەم پلانە بکات.

## ٥–١: دامودەزگای ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان

هاوکاری کردنی سەرجەم لایەنە پێوەندیدارەکان لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ دام و دەزگا حکومییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ (بەڕیوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان)و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی (ماڵی داڵدەدان بۆ ژنانی قوربانیانی توندوتیژی) گرنگە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە.

## ٥.٢: دەستەی بەرپرس لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان

سەرەڕای بوونی چەندین دام و دەزگای حکوومی و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کوردستاندا کاردەکەن بەڵام بوونی دەستەیەکی باڵا کە لە نوێنەرانی سەرجەم لایەنە پێوەندیدارەکان پێک بێت بۆ هەماهەنگی و کاری هاوبەش بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە زۆر پێویستە.

**دەستەی باڵا لە نوێنەرانی:** وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێک دێت، و بە هاوکاری لیژنەی مافی مرۆڤ و

کاروباری ژنان لە پەرلەمان. ئەم دەستەیە لە لایەن ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمانەوە سەرپەرشتی دەکرێت کە سەرۆکی حکوومەت سەرۆکایەتی دەکات.

**کارەکانی بریتی دەبێت لە:**

* دارشتنی پلانی ساڵانەی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە.
* کارکردن بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ جێبەجێکردنی پلانی ساڵانە.
* چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە.
* هەڵسەنگاندنی کارو چالاکییەکانی بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە پەیرەو دەکریت.
* ئەنجامدانی کونفرانسی ساڵانە بۆ دیراسەکردنی کارەکانی جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە.